سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی هیندی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان تاوتوێ دەکات

لەڕێژی سەشەممە بەرواری 27-2-2024 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز براتچانت بیسای باڵیۆزی هیندستان لە بەغدا کەوت، لەم دیدارە باس لە دەخی عێراق و ناوچەکە و چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان بەغدا و نیودەلهی و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هیند لە بواری کشتوکاڵ و تەکنەلەجیا و پزیشکی کرا، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە هیند لەووی گەورەیی و تواناکانی گرنگی زۆری هەیە.

سەبارەت بەدەخی غەزە ، سەماحەتی جەختی کردەوە کە پێویستە ئەو قەیرانە بەکۆتا بێت و ئاوارەکانیش هاوکاری مرۆییان پێ بگات و شارەکەش ئاوەدان بکرێتەوە، دووپاتیشی کردەوە کە کۆتایی پێ هێنانی قەیرانی غەزە سەرتایەك دەبێت بە ئەوەی ململانێیەکە تەسك بکرێتەوە لە ناوچەکە و بە شوێنی دیکە تەشەنە نەکات.